به ناوی کوردستانی گەورە !
2003/6/20

# مام وسوی ناو بیر و سۆفی رەحیمی قەراغی بیر

ح. س. سۆران
soran909@hotmail. com

ماڵەکەی مام وسو زۆر کەم ئاو بو . ئەگەر قومەقومەیەکیش ئاو لە دەمی نەهەنگە زۆرخۆرە لەندەهۆرەکان دەکەوتە خوارەوە و بە دەگمەن، بە مام وسوی هەژار دەگەیی، لێڵ و لیخن بو و ؛ بەکاری رۆژی رەش نەدەهات .

مەگەر درۆزن بیوتایە ئاوە .

رۆژێک کە مام وسو هیچ دەرەتانی بۆ نەمابو ، کەمچە، قوڵنگ، دۆڵچە، چەرخی بیرهەڵکەندن، فرغوون و کەرەسەگەلی پێویستی دیکەی ساز کرد و تی " لە بێ ئاو یدا مردین، بچم لە قوژبنی حەوشەکەماندا، بیرێک هەڵکەنم تا لە کەم ئاوی رزگار ببین، ئەمە شیاو نیە، لە هەرێمێکدا دەژین، کەلەسەر زەریایەک ئاوە، کەچی ئێمە بۆ قومێک ئاو قەیسەرقوومانە . هیچ شتێک لە بێ ئاوی خراپتر نیە، ئاو پێزی ژیاتە ".

جا، مام وسو چو لە سووچێکی حەوشەدا، جێگەیەکی هەڵبژارد و دەستی کرد بە بیر هەڵکەندن . چون ئەم کارەی بە تەنیا پێ جێ بەجێ نەدەبو ، حەمەی کوڕی هێنا بەردەستی خۆی، تا ئەو خۆڵ و بەردەی کە بە کەمچە و قوڵنگ هەڵیاندەکەنێ و دەیانکاتە نێو دۆڵچەکەوە، حەمە بە چەرخ هەڵیان کێشێتە سەر و پووره رەخشەی دایکی، بە فرغوون بیانخاتە دەرەوە . مام وسو دەیوت " کاری بە هەرەوەز شتێکی دیکەیە ".

وسو دەستی کرد بە هەڵکەندنی بیر . تەرکی بیرەکە پڕی بو لە بەردە چەخماخ و بەردە سماتەی رەق . باوەکو چەشنی فەرهاد بۆ شیرین، قوڵنگی تیژی هەڵکەندن و خەباتی دەوەشاند، بەڵام بەردی دلڕەقی تەرکی بیرەکە، هێندە نالەبار و توخوس بون، دەتوت ئەڵماسی ئافریقان، هەر ئاوریان لێ دەبووەوە و هەڵنەدەکەندران. بگرە بڵێم، رۆژی دو سانتیمیتر بەردی بۆ هەڵنەدەکەندرا ، کەچی دەبو بیرەکە بیست و پێنج میتر قووڵ بکرێ، تا بگاتە ئاو. لەبەر زۆر هۆ ، نەشی دە توانی و نەشی دەویست لە دینامیت و شت کەڵک وەربگرێ .

وسو بە وزەوە، درێژەی دا بە بیر هەڵکەندن، رۆژگەل، حەوتە گەل، مانگ گەل و ساڵیانی زۆر تێپەڕین، کەچی کاری ئەو تەواوی نەبو و بیر نەدەگەیشتە ئاو . بەڵام وسو بۆ گەیشتن بە ئاواتی بەرزی خۆی، کە لە قووڵایی بیرەکەدا دەست دەکەوت وبریەتی بو لە وەدەستهێنانی ئاوی شیرین، رۆژ لەگەڵ رۆژ رژدتر و شێلگیر تر دەبو .

رۆژێکیان، سۆفی رەحیمی جیرانی هاتبوە لای مام وسو ، کە لە قەراغی بیرەکە لەسەرەوە دانیشتبو و خەریکی دووکەڵی قلیان وەبادان و ئیشەڵڵا وتن بو ، وتی " مام وسو ، ئیشەڵا کەی بیرەکە بە ئاوی شیرین دەگا، تۆ چەندین و چەند ساڵە، خەریکی هەڵکەندنی ئەم بیرەی، شەونخوونی و خرتەخرتت کوشتومانی، بەڵام وەک مێرووڵە، نەختە نەختە دەجوولێیتەوە و دەچیتە پێشەوە. خێراکە کاکی خۆم !خۆ تەمەنی نۆحت بۆ نەهاتوە، یا لە کوڵی ئەم بیرە چەتوونە بەرەوە و لێی گەڕێ یا نەختێ زووکە، هێندە شێنەیی مەبە ".

**مام وسو، لەوەڵامدا وتی " دەست هەڵگرتن و وێستاندنی کارەکە، بەرابەرە لەگەڵ نەبونی ئاو، نەبوونی ئاویش مردنی وردەوردەی ئێمەیە. سەبارەت بە خێرا بوون و زووکردنیش، نازانی ئەم بەردە رەقانە ئاوری چۆنیان لێ دەبێتەوە، چەند پرمەترسین، بۆ هەڵکەندنیان چەندێک عارەق دەرێژم و ئەم بێڵچە خۆڵە، چەندێک قورسە، تۆ ئەگەر وەک من لە نێو بیرەکەدا بوایەی، وات نەدەوت . بەڵام من هەر دەیگەیێنمە ئاوی شیرین.**

**ویستن توانینە " !**

**سۆفی رەحیم گیان ! بێڵە قورِ بەدەست خەڵکەوە سووکە . چاوەکەم ! تۆ لە قەراغی بیری و من وام لە نێو بیردا، تۆفیری زۆرە .**

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.